له بلاوكراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

سورەتی فاتیحە

١ ـ پلەوپایە و پێگەی .
٢ ـ حوکمی خوێندنەوەی لە نوێژدا .
٣ ـ ناوەكانی سورەتی فاتیحە .
٤ ـ ژمارەی ئایەتەكانی .
٥ ـ لێكدانەوەی پەناگرتن و (بسم الله)كردن .
٦ ـ تەفسیری ئایەتەكانی فاتیحە .
٧ ـ ئەوەی كە هاتووە لە بارەی فەزڵیەوە .
٨ ـ ئەو سوودانەی كە لێی دەردەهێنرێن .

نووسینی زانا و پێشەوا

صالح بن فوزان الفوزان حفظه الله

ئەندامی دەستەی گەورە زانایان و ئەندامی لیجنەی هەمیشەیی فەتوا

وەرگێڕانی

محمد عبد الرحمن لطیف

وتارخوێنی مزگەوتی (شێخ إبراهیم) لە كەلار

چاپی هەشتەم ١٤٣٨

ماڵپەڕی بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لە پێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صالح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

ماڵپەری بەهەشت

ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

ئامانجمان:

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەی کەخۆت لێی ڕازیت.

ستافی ماڵپەڕی بەهەشت

بسم الله الرحمن الرحيم

* پێشەکی وەرگێڕ :

الْحَمْدُ لِلّٰهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ، وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ ، وَصَلَّى اللهُ وَسَلَّمَ عَلَى عَبْدِهِ وَرَسُوْلِهِ نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وَأَصْحَابِهِ أَجْمَعِيْنَ .

أَمَّا بَعْدُ :

ئەمە تەفسیرێکی کورت و پوخت و تێروتەسەلی گەورەترین سورەتی قورئانی پیرۆزە کە بریتییە لە : (سورة الفاتحة) کە لە لایەن زانای گەورە و پێشەوا (الشيخ صالح الفوزان)ەوە ئامادەکراوە .

بەشێك لە گرنگی ئەم سورەتە ئەوەیە کە خوای پایەدار خوێندنەوەیی واجب و پێویست کردووە لە نێو هەموو رکعاتێکی نوێژدا .

ئەمەش وا دەخوازێت کە پێویستە مرۆڤی موسڵمان ئاشنابێت بە تەفسیر و واتاکەی بە شێوازێکی پوخت و ڕێکوپێك بۆ ئەوەی بزانێت لە ناو نوێژەکەیدا چی دەخوێنێت .

بۆیە بە پێویستم زانی وەریبگێڕمە سەر زمانی کوردی ، داواکارم لە خوای گەورە کەوا سوودی پێبگەیەنێت بە موسڵمانان ، وە لێمی قەبوڵ بکات ، بەڕاستی خوا بەخشندە و میهرەبانە .

باوکی فردوس محمد عبدالرحمن لطيف

مەککەی پیرۆز / نزیك ماڵی خوا

سورەتی فاتیحه

١ ـ پلەوپایە و پێگەی سورەتی فاتیحه :

ئەم سورەتە پلەوپایەیەکی گەورەی هەیە لە نێو قورئاندا ، چونکە گەورەترین سورەتە تێیدا ، هەروەکو چۆن گەورەترین ئایەتی قورئان بریتییە لە (آيَةُ الكُرسي) ، وە لەبەر گرنگی ئەم سورەتە لە سەرەتای قورئاندا نووسراوە ، وە هەر لەبەر ئەمەش ناونراوە بە (فاتحة الكتاب / دەروازەی کتێبی خوا) ، وە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر گرنگی و پلەوپایەی ئەم سورەتە ، چونکە پێشنەخراوە و نەکراوە بە یەکەمین سورەت لە قورئاندا ئیللا لەبەر گرنگیەکەی نەبێت .

٢ ـ حوکمی خوێندنەوەی لە نوێژدا :

هەروەها بەشێك لە گرنگی ئەم سورەتە ئەوەیە کە خوای پاك و بێگەرد و پایەدار خوێندنەوەیی واجب و پێویست کردووە لە نێو هەموو رکعاتێکی نوێژدا .

وە زۆربەی زانایان بۆ ئەوە ڕۆیشتوون کە خوێندنەوەی سورەتی فاتیحە لە نوێژدا واجبە ، وە هەرکەسێك نەیخوێنێت لە نوێژەکەیدا ئەوا نوێژەکەی ڕاست و دروست نییە لەبەر فەرمایشتی پێغەمبەر (ﷺ) : ((لاَ صَلاَةَ لِمَنْ لَمْ يَقْرَأْ بِفَاتِحَةِ

الْكِتَابِ))[١] واته : نوێـژی ئەو کـەسە دروست نیـیە کـە سـورەتی فاتیحـەی تێـدا نەخوێنێت .

ئەمەش بۆ کەسێکە کە بتوانێت بیخوێنێت ، بەڵام کەسی دەستەوەستان کـە ناتوانێت بیخوێنێت لەبەر دەستەوەستانبوونی لە لەبەرکردنی ئەوا ئەم کەسە ئەوە دەخوێنێت کە بۆی ئاسانە لە ئایەتەکانی تری قورئان جگە لە سـورەتی فاتیحـە ، وە ئەگەر هـاتوو هـیچ شـتێکی لـە قورئـان نـەزانی ئـەوا ئـەم زیکـرە دەخوێنێـت : (سُبْحَانَ اللّهِ ، وَالْحَمْدُ لِلّهِ ، وَلَا إِلَهَ إِلَّا اللّهُ ، وَاللّهُ أَكْبَرُ ، وَلَا حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلَّا بِاللّهِ) لەبـەر فەرمایشـتی پێغەمبـەر (ﷺ) : ((إِذَا قُمْـتَ إِلَى الصَّلاَةِ فَكَبِّرْ ، فَإِنْ كَانَ مَعَكَ قُرْآنٌ فَاقْرَأْ وَإِلَّا فَاحْمَدِ اللّهَ وَكَبِّرْهُ وَهَلِّلْهُ ثُمَّ ارْكَعْ ...))[٢].

واته : ئەگەر هەستایت بۆ نوێژ ئەوا بڵێ : (اللّهُ أَكْبَرَ) ، وە

ئەگەر شتێکت لە قورئان لەبەر بوو ئەوا بیخوێنە ئەگینا سوپاسـی خـوا بکـە و بـە گەورەی دەربڕە و یەکخواپەرستی ڕاگەیەنە و ئەنجا کڕنوش بەرە .

وە زۆربـەی زانایـان بـۆ ئـەوە ڕۆیشـتوون کـە خوێندنـەوەی سـورەتی فاتیحـە واجبە لەسەر پێشنوێژ و ئەو کەسەی کە بە تـەنها نوێـژ دەکـات (الإمام والمنفرد) ،

---

[١] متفق عليه من حديث عبادة بن الصامت : البخاري : كتاب الأذان ، باب (٩٥) ، رقم : (٧٥٦) ، [٢ / ٣٠٦] ، ومسلم : كتاب الصلاة رقم : (٣٩٤) .

[٢] أخرجه من حديث رفاعة بن رافع : أبو داود : كتاب الصلاة ، باب (١٤٨) ، رقم (٨٦١) ، [١ / ٣٧٧] ، والترمذي : كتاب الصلاة ، باب (١١٠) ، رقم (٣٠٢) ، [٢ / ١٠٠] .

وە سەبارەت بە خوێندنەوەی لە ئاست ئەو کەسەی کە لە پشت پێشنوێژەوەیە (المأموم) ئەوا جیاوازن بەسەر سێ وتە و بۆچووندا :

وتەی یەکەم : خوێندنی سورەتی فاتیحە واجبە لەسەر هەموو نوێژگەرێك : پێشنوێژ بێت (الإمام) یان لە پشت پێشنوێژەوە بێت (المأموم) یان بە تاك نوێژ بکات (المنفرد) لەبەر فەرمایشتی پێغەمبەر (ﷺ) : ((لَا صَلاَةَ لِمَنْ لَمْ يَقْرَأْ بِفَاتِحَةِ الْكِتَابِ)) .

واتە : نوێژی ئەو کەسە دروست نییە کە سورەتی فاتیحەی تێدا نەخوێنێت .

وە ئەمەش گشتگیرە بۆ هەموو نوێژگەرێك ، هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((لَعَلَّكُمْ تَقْرَءُونَ خَلْفَ إِمَامِكُمْ ؟ قُلْنَا : نَعَمْ هَذَا يَا رَسُولَ اللَّهِ ، قَالَ : لَا تَفْعَلُوا إِلَّا بِفَاتِحَةِ الْكِتَابِ ، فَإِنَّهُ لَا صَلاَةَ لِمَنْ لَمْ يَقْرَأْ بِهَا))[٣].

واتە : وادیارە لە پشت پێشنوێژ (ئیمام)ەکەتانەوە قورئان دەخوێنن ؟ وتمان : بەڵێ بە خێرایی ئەی پێغەمبەری خوا ، فەرمووی : کاری وا مەکەن جگە لە سورەتی فاتیحە نەبێت چونکە نوێژی ئەو کەسە دروست نییە کە سورەتی فاتیحەی تێدا نەخوێنێت .

---

[٣] أخرجه بنحوه من حديث عبادة بن الصامت : أبو داود : كتاب الصلاة ، باب (١٣٦) ، رقم (٨٢٤) ، [١ / ٣٦٢] ، والنسائي : كتاب الافتتاح ، باب (٢٩) ، رقم (٩١٩) ، [١ / ٤٧٩] .

وە ئەمەش مەزهەبی ئیمامی شافعی و کۆمەڵێك لە فەرموودەناسانە وەك ئیمامی بوخاری و جگە لە ئەویش ، بۆچوونیان وایە کە : خوێندنی سورەتی فاتیحە واجبە لەسەر : پێشنوێژ (الإمام) و ئەو کەسەش کە لە پشت پێشنوێژەوەیە (المأموم) و ئەو کەسەش کە بە تەنها نوێژ دەکات (المنفرد) .

وتەی دووەم : خوێندنی سورەتی فاتیحە واجب نییە لەسەر ئەو کەسەی کە لە پشت پێشنوێژەوەیە (المأموم) چونکە خوێندنی پێشنوێژ (الإمام) لە بری ئەویشە و لەسەری دەیخات لەبەر فەرمایشتی پێغەمبەر (ﷺ) : ((مَنْ كَانَ لَهُ إِمَامٌ فَقِرَاءَةُ الإِمَامِ لَهُ قِرَاءَةٌ))(٤).

واتە : هەرکەسێك پێشنوێژی (ئیمامی) هەبوو ئەوا خوێندنی پێشنوێژ (ئیمام) خوێندنیشە بۆ ئەو .

بەڵام ئەم فەرموودەیە قسە هەیە لەسەر سەنەدەکەی .

وە ئەم فەرمایشتەی خوای گەورەشیان کردووە بە بەڵگە : ﴿ وَإِذَا قُرِئَ ٱلْقُرْءَانُ فَٱسْتَمِعُوا۟ لَهُۥ وَأَنصِتُوا۟ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴿٢٠٤﴾ ﴾ [الأعراف] .

---

(٤) أخرجه من حديث جابر : أحمد برقم (١٤٦٩٨) ، [٥ / ١٢٥] ، وابن ماجه : كتاب إقامة الصلاة ، باب (١٣) ، رقم (٨٥٠) ، [١ / ٤٦٣] ، واللفظ المذكور للبيهقي في سننه : كتاب الصلاة ، باب (٢٦٥) ، رقم (٢٨٩٨) ، [٢ / ٢٢٨] .

واتە : وە ئەگەر قورئان خوێنرا ئەوا گوێی بۆ بگرن و بێدەنگ بن بـەڵکو خـوا ڕەحمتان پێبکات .

لە ڕووی بەڵگەهێنانەوە وتویانە : خوای گەورە فەرمانی کردووە بە گوێگرتن و بێدەنگبوون بۆ خوێندنەوەی قورئان ، وە ئـەم ئایەتـە سـەبارەت بـە گـوێگرتن لـە نوێژدا دابەزیوە ، واتە : ئەگەر پێشـنوێژ (ئیمـام) قورئـانی خوێنـد ئـەوا پێویستە لەسـەر ئـەو کەسـەی کـە لـە پشـت پێشـنوێژەوەیە (المأموم) بێـدەنگ بێـت و گوێبگرێـت ، کەواتـە ئـەم ئایەتـە بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی کـە قورئـان خوێنـدن پێویست نیيە لەسەر ئەو کەسەی کە لە پشـت پێشنوێژەوەیە (المأموم) چـونکە پێشنوێژ (الإمام) قورئان دەخوێنێت لە بری خۆی و ئەوانەش کـە لـە پشـتیەوەن ، وە ئەم وتەیەش مەزهەبی ئەبوحەنیفە و ئەحمەدە .

وتـەی سـێیەم : کـە وتـەی ئیمـامی مالکـە و هەڵبـژاردەی (شيخ الإسلام ابن تيمية) و کۆمەڵێك لە زانایانە ، دەڵێن : خوێنـدنی سـورەتی فاتیحـە واجبـە لەسـەر ئەو کەسەی کە لە پشت پێشنوێژەوەیە (المأموم) لە نوێـژە بێدەنگەکانـدا (الصلاة السرية) کە پێشـنوێژ (الإمام) دەنگـی تێـدا بـەرز ناکاتـەوە وەکـو نوێـژی نیـوەڕۆ و عەسر ، بەڵام لەو نوێژانـەدا کـە دەنگیـان تێـدا بـەرز دەکرێتـەوە (الصلاة الجهرية) ئەوا خوێندنی پێشنوێژ (الإمام) بەسە و ئەو کەسەش کە لـە پشـت پێشـنوێژەوەیە (المأموم) پێویستـە لەسەری بێدەنگ بێـت و گوێبگرێت .

دەڵێن : بەم لێکدانەوەیە بەڵگەکان کۆدەبنەوە : چونکە ئەو بەڵگانەی کە خوێندنی سورەتی فاتیحە پێویست دەکەن ئەوا بەسەر نوێژە بێدەنگەکاندا (الصلاة السرية) ساغدەکرێنەوە و بەڵگەکانی تر و ئایەتە پیرۆزەکەش بەسەر ئەو نوێژانەدا کە دەنگیان تێدا بەرز دەکرێتەوە (الصلاة الجهرية) ساغدەکرێنەوە ، وە ئەم وتەیەش دادوەرترینی وتەکانە إن شاء الله .

٣ ـ ناوەکانی سورەتی فاتیحە :

ئەم سورەتە چەندین ناوی هەیە ، هەر ناوێکیشی بەڵگەیە لەسەر واتایەك ، وە هەر شتێك ناوی زۆر بێت ئەوە بەڵگەیە لەسەر فەزڵ و چاکێتی ئەو شتە .

ـ ئەم سورەتە ناودەبرێت بە : (**فاتحة الكتاب** / **دەروازەی کتێبی خوا**) ، چونکە نووسینەوەی موصحەفەکانی پێ دەست پێدەکرێت .

ـ وە ناودەبرێت بە : (**أُمُّ القرآن** / **بنەمای قورئان**) ، چونکە قورئان لەسەر ئەو واتایانە دەخولێتەوە کە ئەم سورەتە دەیگرێتە خۆ ، هەموو ئەو واتایانەش کە قورئان گرتویەتە خۆی و لە ئایەتەکانیدا بە وردی باسی لە بارەیانەوە کردووە ئەوا بە شێوەیەکی گشتی لەم سورەتەدا کۆبوونەتەوە .

ـ وە ناودەبرێت بە : (**الرُقْيَة** / **خوێندراوچارە**) ، چونکە بە مەبەستی چارەسەرپێکردن بەسەر نەخۆشدا دەخوێندرێت ، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوەیە کە لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە کەوا :

چەند كەسێك لە صەحابەكانی پێغەمبەر (ﷺ) خۆیان لای ناوچەیەك لە ناوچە عەرەب نیشینەكان میواندار كرد و ئەوانیش میوانداریان نەكردن ، لەو كاتەدا پیاوە گەورە و سەرگەورەكەیان پێوەیدرا - مار یان دووپشك پێوەیدا - و هیچ چارەسەرێكیان بۆی نەدۆزیەوە ، ئەوەبوو هاتن بۆ لای ئەو چەند صەحابیەیە و داوای دوعاچارەیان لێكردن ، ئەوانیش فەرموویان : ئێوە میوانداری ئێمەتان نەكرد لەبەر ئەوە ئێمەش بەسەریدا ناخوێنین تاوەكو بەرامبەرێكمان پێنەدەن ، ئەوانیش برگەیەك مەڕومالاتیان دەسنیشانكرد بۆیان ، ئەوەبوو یەكێك لەو صەحابیانە هەستا و سورەتی فاتیحەی بەسەردا خوێند ، دوای ئەوە پیاوەكە هەستا و چاك بوویەوە وەكو بڵێی كۆتوبەندی لێكرابێتەوە ، صەحابیەكانیش مەڕومالاتەكەیان وەرگرت و بردیان بەلام هیچ هەڵسوكەوتێكیان تێیاندا نەكرد تاوەكو پرس بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەكەن ، كە هاتنەوە ڕۆیشتنە لای پێغەمبەر (ﷺ) و بەسەرهاتەكەیان بۆ گێڕایەوە ، ئەویش فەرمووی : ((وَمَا أَدْرَاكَ أَنَّهَا رُقْيَةٌ)) ئێوە چۆن زانیتان سورەتی فاتیحە خوێندراوچارەیە ؟ پاشان پێیانی فەرموو : ((اقْتَسِمُوا هَذِهِ الْغَنَمَ وَاضْرِبُوا لِي مَعَكُمْ بِسَهْمٍ))[٥] ئەم مەڕومالاتە دابەش

---

[٥] متفق عليه من حديث أبي سعيد الخدري : البخاري : كتاب الإجارة ، باب (١٦) ، رقم : (٢٢٧٦) ، [٤ / ٥٧١] ، ومسلم : كتاب السلام باب : (٢٣) .

بکەن و پشکێکیش بۆ من دابنێن ، وە فەرمووی : ((إِنَّ أَحَقَّ مَا أَخَذْتُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا كِتَابُ اللَّهِ))[٦].

واتە : بەڕاستی شایستەترین شتێك كە كرێی لەسەر وەربگرن كتێبەكەی خوایە .

ــ وە ناودەبرێت بە : (**الشَّافِيَة / شیفادەر**) ، چونكە شیفادەدات لە نەخۆشیەكان بە ئیزنی خوا ، شیفای دڵەكان دەدات و شیفای لاشەكانیش دەدات : شیفای دڵەكان دەدات لە گومان و خەیاڵ و وەسوەسەكان ، وە شیفای لاشەكانیش دەدات لە ئێش و ئازارەكان هەروەكو چۆن ئەمە بە دی هات بۆ ئەو كەسەی كە پێوەیدرابوو .

ـ وە ناودەبرێت بە : (**السَّبعُ المثاني / حەوت ئایەتی دووبارە**) ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَٰكَ سَبْعًا مِّنَ ٱلْمَثَانِي وَٱلْقُرْءَانَ ٱلْعَظِيمَ ﴿٨٧﴾ ﴾ [الحجر] ، واتە : وە ئێمە حەوت ئایەتی دووبارە و قورئانی گەورە و مەزنمان پێداویت .

[٦] أخرجه البخاري من حديث ابن عباس : كتاب الطب ، باب (٣٤) ، رقم : (٥٧٣٧) ، [١٠ / ٢٤٤] .

مەبەست بە (السَّبْعُ الْمَثَانِي / حەوت ئایەتی دووبارە) سورەتی فاتیحەیە چونکە بریتی‌یە لە حەوت ئایەت ، وە حەوتەکەش (السَّبْع) وەسفکراوە بە دووبارە (الْمَثَانِي) چونکە خوێندنەوەی دووبارە دەکرێتەوە لە هەموو رکعاتێکدا .

پێغەمبەریش (ﷺ) لەم بارەیەوە فەرموویەتی : ((هِيَ السَّبْعُ الْمَثَانِي وَالْقُرْآنُ الْعَظِيمُ الَّذِي أُوتِيتُهُ))[٧].

واتە : سورەتی فاتیحە بریتی‌یە لە حەوت ئایەتی دووبارە و قورئانی گەورە و مەزن کە پێمدراوە .

ـ وە ناودەبرێت بە : **(الصلاة / نوێژ)** ، هەروەکو چۆن لەم فەرموودە قودسیەدا هاتووە کە خوای گەورە فەرموویەتی : ((قَسَمْتُ الصَّلاَةَ بَيْنِي وَبَيْنَ عَبْدِي نِصْفَيْنِ ...))[٨] واتە : من نوێژم لە نێوان خۆم و عەبدەکەمدا کردووە بە دوو بەشەوە ، ئەنجا ئەو نوێژەشی بە سورەتی فاتیحە تەفسیر کردووە .

٤ ـ ژمارەی ئایەتەکانی :

[٧] أخرجه البخاري من حديث أبي سعيد بن المعلَّى : كتاب التفسير ، باب (١) ، رقم : (٤٤٧٤) ، [٨ / ١٩٦].

[٨] أخرجه مسلم من حديث أبي هريرة : كتاب الصلاة ، باب (١١) ، رقم : (٣٩٥) ، [٢ / ٣٢٤] .

ئەم سورەتە بریتییە لە حەوت ئایەت بە دەقی قورئان ، هەروەکو لە پێشەوە لە فەرمایشتی خوای گەورەدا باسکرا : ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَٰكَ سَبْعًا مِّنَ ٱلْمَثَانِى وَٱلْقُرْءَانَ ٱلْعَظِيمَ ﴿٨٧﴾ ﴾ [الحجر] .

واتە : ئێمە حەوت ئایەتی دووبارە و قورئانی گەورە و مەزنمان پێداویت .

جا فەرمایشتی : ﴿ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾ ئەمە ئایەتێکە .

وە ﴿ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴾یش ئایەتی دووەمە .

وە ﴿ مَٰلِكِ يَوْمِ ٱلدِّينِ ﴾یش ئایەتی سێیەمە .

وە ﴿ إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ﴾یش ئایەتی چوارەمە .

وە ﴿ ٱهْدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلْمُسْتَقِيمَ ﴾یش ئایەتی پێنجەمە .

وە ﴿ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ ﴾یش ئایەتی شەشەمە .

هەروەها ﴿ غَيْرِ ٱلْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ﴾یش ئایەتی حەوتەمە .

ئەمە بۆچوون و مەزهەبی زۆرینەی زانایانە سەبارەت بە ژمارەی ئایەتەکانی .

وە بۆچوون و مەزهەبی ئیمامی شافعی ئەوەیە کە ﴿صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ٧﴾ یەك ئایەتە کە ئایەتی حەوتەمە ، وە ئایەتی یەکەمی ئەم سورەتە بریتییە لە : ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ .

لەبەر ئەم جیاوازیە لە هەندێك موصحەفەکاندا نووسینی ژمارە (١) لە پاش ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ١﴾ەوە هەیە ، ئەمەش وەك ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾یش ئایەتێکە لە سورەتی فاتیحە ، وە لە هەندێکی تری موصحەفەکاندا ئەم ژمارەیە بوونی نییە لەبەر شوێنکەوتنی ئەو وتەیەی کە دەڵێت : ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ ئایەتێك نییە لێی .

کەواتە ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بە لای (شافعی)ەوە ئایەتێکە لە سورەتی فاتیحە ، بەڵام بە لای زۆرینەی زانایانەوە (الجمهور) ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ ئایەتێك نییە نە لە سورەتی فاتیحە و نە جگە لە فاتیحەیش لە سورەتەکانی تری قورئان ، تەنها ئەوە نەبێت کە لە (سورة النمل)دا هاتووە چونکە ئەوەیان بە کۆڕا و یەکدەنگی زانایان بەشێکە لەو سورەتە ، ئەویش لە فەرمایشتی خوای گەورەدا : ﴿إِنَّهُۥ مِن سُلَيۡمَٰنَ وَإِنَّهُۥ بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ٣٠﴾ [النمل] .

جگە لەوە ئەوا ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ ئایەتێکی سەربەخۆیە و تایبەتیش نییە بە سورەتێکی دیاریکراوەوە ، لەبەر ئەمە لە هیچ موصحەفێکدا نووسینی ژمارە (①)ی تێدا نییە لە تێکڕای سورەتەکاندا جگە لە سورەتی فاتیحە نەبێت ، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ ئایەتێکی سەربەخۆیە و بۆ جیاکردنەوەی نێوان سورەتەکان لە یەکتر دابەزیوە .

لەبەر ئەمە لە سەرەتای هەموو سورەتەکاندا دەهێنرێت و دەوترێت جگە لە (سورة البراءة) نەبێت چونکە لە سەرەتای ئەم سورەتەدا ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ دانەبەزێنراوەتە سەر پێغەمبەر (ﷺ) هەروەکو چۆن دابەزێنراوەتە سەری لە باقی سورەتەکانی تردا ، وە لە هۆی ئەوەشدا وتراوە : لەبەر ئەوەیە کە (سورة البراءة) تەواوکارە بۆ (سورة الأنفال) ، وە وتراوە : لەبەر ئەوەیە کە (سورة البراءة) بە شمشێر و سزا دابەزیوە و بە بەرائەت و حاشا لێکردن دەستیپێکردووە بۆیە گونجاو نییە باسی بەزەیی و ڕەحمەتی پێشبخرێت ، خواش زاناترە .

٥ ـ لێکدانەوەی پەناگرتن و (بسم اللّه)کردن :

(أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ) به یەکلایی بەشێك نییە لە سورەتی فاتیحە ، بەڵام ئەم پەناگرتنە بۆیە دەوترێت لەبەر کردەوە کردنە بە فەرمایشتی خوای گەورە : ﴿ فَإِذَا قَرَأۡتَ ٱلۡقُرۡءَانَ فَٱسۡتَعِذۡ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ٩٨ ﴾ [النحل] .

واتە : ئەگەر ویستت قورئان بخوێنیت ئەوا پەنابگرە بە خوا لە شەیتانی دەرکراو لە رەحمەتی خوا .

ئەگەر موسڵمان ویستی قورئان بخوێنیت ئەوا لە سەرەتای قورئان خوێندنەکەیدا پەنادەگرێت بە خوا لە شەیتانی دەرکراو لە رەحمەتی خوا و هەموو خێرێك .

وە (أَعُوذُ) واتاکەی بریتییە لە : پەنادەگرم بە خوای گەورە و خۆمی پێدەپارێزم لەم دووژمنە ، (العَوْذ) بریتییە لە : پەناگرتن و هانابردن بۆ لای خوا لە شەیتان .

وە (ٱلشَّيۡطَٰنِ) مەبەست پێی هەموو یاخی بوو و سەرسەختێکە لە مرۆڤ و جنۆکە و گیانلەبەران ، لە (شَاطَ الشيءُ إذا اشتدَّ)وە هاتووە واتە : توونـدبوو ، یان

لـە (شَطَنَ إذا بَعُدَ)وە هـاتووە واتـە : دوورکەوتنـەوە ، چـونکە شـەیتان دوورە لـە هەموو خێرێك .

(ٱلرَّجِيمِ) : (فَعِيلٌ بمعنـى مفعـول أي الـمرجوم) واتـــە : تـــێگیراو ، چـــونکە شـەیتانەکان پارچـە ئەسـتێرەیان تێـدەگیرێت لـە ئاسمانـەوە بۆیـە نـاتوانن دزە گوێبیسـتی بکـەن ، هـەروەها تێیانـدەگیرێت بـە زیکـری خـوای پـاك و بێگـەرد و پایەدار ، کەواتە شەیتان (مرجوم)ـە بـە واتـای : دەرکـراو و دوورخـراوە لـە خێـر ، بۆیە موسڵمان هانا دەبات و پەنادەگرێت بە خوا لەم شەیتانە بـۆ ئـەوەی زەرەر و زیانی پێنەگەیەنێت ، وە پەنادەگرێت بە خوا لە تێکدان و فـووتێکردن و هـۆنراوە یان جادووی شەیتان ، بەم شێوەیە لە پەناگرتنی پێغەمبەردا (ﷺ) هاتووە[٩].

وە (الـهمز) مەبەسـت پـێی (الصرع)ـە واتـە : تێکـدان و تێکچـوون ، چـونکە هەنـدێك جـار شـەیتان مرۆڤــ تێکـدەدات و شـێت دەبێـت و جنۆکـە دەچـێتە نـاو لەشـیەوە ، جـا ئـەم تووشـبوونە بـە تێکـدان و تێکچـوون لـە شـەیتانەوەیە ، وە فەرمایشتەی خـوای گـەورە : ﴿ٱلَّذِى يَتَخَبَّطُهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ مِنَ ٱلۡمَسِّ ٢٧٥﴾ [البقرة] واتە : ﴿ئەو کەسەی کە شەیتان تێکیدەدات و تێکەڵ بە لەشـی دەبێـت و دەسـتی لـێدەوەشێنێت﴾ مەبەسـت پـێی (الصرع)ـە واتـە : تێکـدان و تێکچـوون ، جـا

---

[٩] كما في حديث الاستعاذة في الصلاة أبي سعيد الخدري : أخرجه أحمد برقم (١١٤٩٣) ، [٤ / ١٢٩] ، وأبو داود : كتاب الصلاة باب (١٢٢) ، رقم (٧٧٥) ، [١ / ٣٤٤] ، والترمذي : كتاب الصلاة باب (٦٥) ، رقم (٢٤٢) ، [٢ / ٩] ، وبحوه أخرجه ابن ماجه عن جبير بن مطعم (٨٠٧) وعن ابن مسعود (٨٠٨) .

شەیتان دەچێتە ناو لەشی مرۆڤەوە و بە ناو لەشیدا دەڕوات وەك ڕۆیشتنی خوێن ، وە هەندێك جاریش تێكیدەدات و شێتی دەكات ، وە ئەگەر خوا مرۆڤ نەپارێزێت لە شەیتان ئەوا زیانی پێدەگەیەنێت بە وەسوەسە و خەیاڵات و تێكدان و تێكچوون .

وە (النفخ / فووتێكردن) واتاكەی بریتییە لە : فیززلی و خۆبەگەورەزانی (الكِبْر) ، چونكە فیززلی و خۆبەگەورەزانی لە شەیتانەوەیە ، ئەوە فودەكات بە مرۆڤدا و وای لێدەكات خۆی بەگەورە بزانێت .

وە (النفث) بریتییە لە : هۆنراوە و شیعر ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَٱلشُّعَرَآءُ يَتَّبِعُهُمُ ٱلْغَاوُۥنَ ﴿٢٢٤﴾ ﴾ [الشعراء] .

واتە : هۆنراوەبێژەكان و شاعیرەكان كەسانی سەرلێشێوا و چەواشەكراو شوێنیان دەكەون .

كەواتە هۆنراوە و شیعر لە فووكردن و دەربڕینی شەیتانە جگە لەوانە نەبێت كە شیعری پاك و خاوێن و بەدوورن لە باسی نەشیاو ئەوا ئەمیان ستایشكراوە ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((إِنَّ مِنَ الْبَيَانِ لَسِحْرًا ، وَإِنَّ مِنَ الشِّعْرِ حُكْمًا))[١٠].

---

(١٠) أخرجه من حديث ابن عباس : أحمد برقم (٢٤٢٤) ، [١ / ٧٠١] ، وروى طرفه الأول عن جماعة من الصحابة ، وأخرجه أيضا أبو داود : كتاب الأدب باب (٩٥) ، رقم (٥٠١١) ، [٥ / ١٧٤] .

واتە : بەڕاستی هەندێك لە ڕەوانبێژی برتییە لە سیحر ، وە هەندێك لە شیعر بریتیە لە دانایی .

بەڵام زۆربەی شیعر خراپە و لە فوکردن و دەربڕینی شەیتانەوەیە .

وە وتراوەیشە : مەبەست بە (النفث) بریتییە لە : سیحر و جادوو ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّـٰثَـٰتِ فِى ٱلۡعُقَدِ ﴿٤﴾ ﴾ [الفلق] .

واتە : وە پەنابەخوادەگرم لە خراپەی ئەو ئافرەتە جادوبازانەی کە فودەکەن بە گرێکاندا .

وە پەنابەخواگرتن لە پێش خوێندنەوەی قورئان لە نوێژدا و جگە لە نوێژیشدا سوننەتە ، لەبەر فەرمایشتی خوای گەورە : ﴿ فَإِذَا قَرَأۡتَ ٱلۡقُرۡءَانَ فَٱسۡتَعِذۡ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيۡطَـٰنِ ٱلرَّجِيمِ ﴿٩٨﴾ ﴾ [النحل] .

واتە : ئەگەر ویستت قورئان بخوێنیت ئەوا پەنابگرە بە خوا لە شەیتانی دەرکراو لە ڕەحمەتی خوا .

وە ئەمەش ڕەهایە حاڵەتی نوێژ و جگە لە نوێژیش دەگرێتەوە .

﴿ بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَـٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴾ :

پیتی (بِ) بۆ (استعانة) و داوای یارمەتی کردنە ، وە ئەمە (فعل / کردار)ێکی بۆ دانراوی هەیە ، بۆ دانرانەکەشی بریتیـیە لە : (أستعين باسم الله) واتـە : داوای یارمەتی دەکەم بە ناوی خواوە یان (أتحصن باسم الله) واتـە : خـۆم پشت قـایم و پارێزراو دەکەم بە ناوی خواوە .

وە نـاوی خـوا (اسم الله) (مفردٌ مضافٌ) تـاکی بەپاڵـەوەدراوە بۆیـە هـەموو ناوەکانی خوای گەورە دەگرێتەوە ، کەواتە دەڵێیت : خۆم پشـت قـایم و پـارێزراو دەکەم یان خێروفەڕ دەخوازم بە ناوەکانی خـوای پـاك و بێگـەرد و پایـەدارەوە ، چـونکە ناوەکـانی خـوای گـەورە پـیرۆز و بەفـەڕ و موبـارەکن ، خـوای گـەورە فەرموویەتی : ﴿ تَبَٰرَكَ ٱسۡمُ رَبِّكَ ذِي ٱلۡجَلَٰلِ وَٱلۡإِكۡرَامِ ٧٨ ﴾ [الرحمن] .

واتە : پڕ خێر ی و پیرۆزی بۆ ناوی پەروەردگاری خاوەن گەورەیی و ڕێز .

وە پێغەمبەر (ﷺ) لـە دوعـا و پاڕانـەوەی دەسـتپێکردنی نوێـژدا دەیفـەرموو : ((وَتَبَارَكَ اسْمُكَ)) واتە : خوایە پڕ خێر ی و پیرۆزی بۆ ناوی تۆ ، کەواتە نـاوی خـوا پڕ خێر و پیرۆزە ، وە تـۆ فەڕ و پیرۆزی دەخوازیت بە ناوەکانی خواوە ، کەواتـە وتـەی تـۆ (باسم الله : جار ومجرور متعلِّقٌ بمحذوف) أي : (أتبرَّكُ وَأستعين باسم الله) واتە : فەڕ و پیرۆزی دەخوازم و داوای یارمەتی دەکەم بە ناوی خواوە .

وە (الله) : نـاوێکی دیـاریکراوە بـۆ خـوای پەرسـتراوی حـەق ، وە ئەمـە لـە گـەورەترین ناوەکـانی خـوای پـاك و بێگـەرد و پایـەدارە ، وە (الله) واتـە : خـوای

پەرستراو ، لە (أَلِهَ يُؤلَه إذا عُبِدَ)وە هاتووە واتە : ئەگەر پەرسترا ، کەواتە خوای پاك و بێگەرد و پایەدار پەرستراوە و لە هەموو پێویستیەکدا رووی تێدەکرێت .

(ٱلرَّحۡمَٰنِ) : ناوێکە لە ناوەکانی خوا کە سیفەتێك لە سیفاتەکانی دەگرێتەوە ئەویش بریتییە لە : (الرحمة) بەزەیی .

(ٱلرَّحِيمِ)یش : بە هەمان شێوە ، کەواتە ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ : لە ناوەکانی خوان ، وە (الرحمة) بەزەییش لە سیفەتەکانیەتی ، وە هەموو ناوێك لە ناوەکانی خوای گەورە سیفەتێك لە سیفاتەکانی دەگرێتەوە .

وە جیاوازی نێوان (ٱلرَّحۡمَٰنِ) و (ٱلرَّحِيمِ) بریتییە لەوەی کە : (ٱلرَّحۡمَٰنِ) واتە : خاوەنی رەحم و بەزەییەکی گشتییە بۆ هەموو دروستکراوەکان ، بەلام (ٱلرَّحِيمِ) : تایبەتە بە ئیماندارانەوە بە تەنها ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَكَانَ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ رَحِيمٗا ٤٣﴾ [الأحزاب] .

واتە : وە خوا بە بەزەییە بە ئیمانداران .

٦ ـ تەفسیری ئایەتەکانی فاتیحە :

فەرمایشتی خوای گەورە : ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ :

(الحمد) بریتی‌یە لە : بەچاك باسکردن و ستایشکردنی خوای پاك و بێگەرد و پایەدار ، خوای پاك و بێگەرد ستایش دەکرێت واتە : ستایش دەکرێت بە ناو و سیفەت و کردەوەکانی‌یەوە ، (الحمد / ستایشکردن) گشتگیرترە لە (الشكر / سوپاسکردن) چونکە (الشكر / سوپاسکردن) لەسەر کردەوە نەبێت ناکرێت واتە : لەبەرامبەر نیعمەتێکدا دەکرێت کە خوا پێی داویت ، بەڵام (الحمد / ستایشکردن) لەسەر ناو و سیفات و کردەوەکانیش دەکرێت ، کەواتە : (الحمد / ستایشکردن) گشتگیرترە لە (الشكر / سوپاسکردن) ، ئەمەش جیاوازی نێوان (الحمد / ستایشکردن) و (الشكر / سوپاسکردن)ـە .

(الـ) لە فەرمایشتی ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ﴾دا : بۆ تێکڕابوونە (للاستغراق) واتە هەموو ستایش و بە چاك باسکردنەکان بۆ خوای پاك و بێگەرد و پایەدارە بە خاوەنداریێتی و شایستەیەتیش ، جا هیچ کەسێك شایستەی ستایش و بە چاك باسکردن نی‌یە بە ڕەهایی جگە لە خوای گەورە نەبێت ، چونکە تەنها ئەو نیعمەت بەخشە و خاوەنی نازونیعمەتی ڕەهایە ، بۆیە ستایشی ڕەهاش بۆ خوای پاك و بێگەرد و پایەدارە ، بۆیە لە فەرمایشتی ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ﴾دا واتە : هەموو ستایش

و بە چاك باسكردنەكان بۆ خـوای پـاك و بێگـەرد و پایـەدارە ، بـەڵام دروسـتكراو ئەوا ستایش دەكرێت بە ئەندازەی ئەوەی كە خێری لـێدەوەشێتەوە ، بـەڵام خـوا هەر خۆشی ئەو خێـرەی تێـدا دانـاوە ، كەواتـە : بنـەمای (الـحمد / ستایشـكردن) تەنها بۆ خوای گەورەیە .

فەرمایشــتی ﴿رَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ﴾ : (الرب) بـریتــیـیـە لــە : پــەروەردگاری دروستكراوەكان بە نیعمەتەكانی كە خوای پاك و بێگەرد و پایەدارە ، وە ئـەویش خاوەنیانە ، جا (الرب) بە ڕەهایی دەوترێـت و مەبەسـت پــێی پـەروەردگارە ، وە دەوترێت و مەبەست پێی خاوەندارە ، وە خوا خاوەنی هەموو دروسـتكراوەكانە ، وە دەوترێت و مەبەست پێی چاكسازیكارە ، وە خوای پـاك و بێگـەرد و پایـەدار ئەو كاروباری بەندەكانی چاك دەكات و سەرپەرشتیان دەكـات ، وە وتـەی (الرب) بە ڕەهایی بەكارناهێنرێت جگە لە بۆ خوای پاك و بێگەرد و پایەدار نەبێت ، بەڵام بەكارهێنانی بۆ جگە لە خوا ئەوا دەبێت بەند بكرێت بـەوەی كـە دەدرێتـە پـاڵی ، دەوترێت (ربُّ الدار) ، (ربُّ الإبل) واتە : خاوەن ماڵ و خاوەن وشتر .

بەڵام ئەگەر بە ڕەهایی وتـرا (الرب) یـان (رب العالمین) ئـەوا تـەنها تایبەتـە بـە خوای پاك و بێگەردەوە و دروست نییە وەسفی جگە لە خوای پێبكرێت .

وە ﴿ٱلْعَـٰلَمِينَ﴾ : كۆی (العالَم)ـە ، كە بریتییە لە : هەموو شتێك جگە لـە خـوای پـاك و بێگـەرد و پایـەدار نـەبێت ، وە جیهانیـەكانیش لـە بونـەوەردا زۆرن

کەس نایانزانێت جگە لە خوای پاك و بێگەرد و پایەدار نەبێت ، لەوانەش : جیهانی مرۆڤ ، جیهانی جنۆکە ، جیهانی فریشتە ، جیهانی بێگیانەکان و جیهانی گیانلەبەران ، هەموو ڕەگەزەکانی دروستکراوەکان پێیان دەوترێت : جیهانیەکان ، وە پەروەردگاریان بریتییە لە خوای گەورە ، هیچ کەسێك لە پەروەردگاریتی خوای پاك و بێگەرد و پایەدار دەرناچێت .

فەرمایشتی خوای پایەدار ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ : تەفسیری ئەم دووانەمان زانی لە لێکدانەوەی (بسم الله)دا .

فەرمایشتی خوای پایەدار ﴿مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾ : لە خوێندنەوەیەکدا (مالِك) بە ئەلیفەوەیە ، وە لە خوێندنەوەیەکی تردا (مَلِك) دەخوێنرێتەوە ، وە هەردوو خوێندنەوەکەش صەحیح و ڕاستن ، خوا هەر خۆی خاوەن و پادشایە .

﴿يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾ : مەبەست بە ﴿ٱلدِّينِ﴾ لێرەدا : لێپرسینەوە و پاداشتە ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿كَلَّا بَلۡ تُكَذِّبُونَ بِٱلدِّينِ ٩﴾ [الانفطار] أي : الحساب والجزاء ، واتە : نەخێر ئێوە لێپرسینەوە و پاداشت بە درۆ دەخەنەوە .

خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿أَرَءَيۡتَ ٱلَّذِي يُكَذِّبُ بِٱلدِّينِ ١﴾ [الماعون] .

واتە : ئا ئەو کەسە نابینیت کە باوەڕی بە لێپرسینەوە و پاداشت نی‌یە .

واتە : پاداشت و لێپرسینەوە و زیندووبوونەوە بە درۆ دەخاتەوە .

خـوای گـەورە فەرموویـەتی :﴿فَمَا يُكَذِّبُكَ بَعْدُ بِٱلدِّينِ ﴿٧﴾﴾ [التين] واتـە : دوای ئەوە کێ تۆ بە درۆ دەخاتەوە سەبارەت بە لێپرسینەوە و پاداشـت لـە ڕۆژی قیامەتـدا ، (یوم الدِّین / ڕۆژی لێپرسـینەوە و پاداشـت) واتـە : (یوم القیامة / ڕۆژی قیامـەت) ، نـاونراوە بـە (یوم الدِّین / ڕۆژی لێپرسـینەوە و پاداشـت) چـونکە ڕۆژی پاداشت و لێپرسینەوەیە .

لەبەر چی فەرموویەتی : ﴿مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾ ؟ لە کاتێکدا کـە ئـەو خـاوەنی قیامــەت و جگــە لــە قیامەتیشــە ، (یوم الدِّین / ڕۆژی لێپرســینەوە و پاداشــت) تایبەتکراوە بە باسکردن چونکە لەو ڕۆژەدا خاوەندارێتی نی‌یە جگە لـە بـۆ خـوای پـاك و بێگـەرد و پایـەدار نـەبێت هـەروەکو فەرموویـەتی : ﴿لِّمَنِ ٱلۡمُلۡكُ ٱلۡيَوۡمَۖ لِلَّهِ ٱلۡوَٰحِدِ ٱلۡقَهَّارِ ﴿١٦﴾﴾ [غافر] .

واتە : ئایا ئەمرۆ موڵك و خاوەندارێتی بۆ کێیە ؟ تەنها بۆ خوای تاك و تەنها و باڵادەستە .

پادشاكان و تاك تاكی خەڵك لەو ڕۆژەدا یەكسانن ، هیچ كەسێك موڵكی نی‌یە جگە لە خوای گەورە نەبێت ، لەبەر ئەوە بە تایبەتی باسی كردووە لە فەرمایشتی ﴿ مَـٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ﴾دا هەرچەندە خوای پاك و بێگەرد و پایەدار خاوەنی جگە لە ئەو ڕۆژەیشە لەبەر ئەوەی كە لەو ڕۆژەدا موڵكی جگە لە خوا نامێنێت تێیدا ، هەر بۆیە لە فەرموودەدا هاتووە : ((إِنَّ اللهَ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى يَقُولُ : أَنَا الْمَلِكُ ، أَيْنَ الْجَبَّارُونَ ؟ أَيْنَ الْمُتَكَبِّرُونَ ؟))[١١].

واتە : بەڕاستی خوای پاك و بێگەرد و پایەدار دەفەرموێت : من پادشام ، كوان ستمكارە خۆسەپێنەرەكان ؟ كوان خۆبەگەورەزانەكان ؟

وە ئەمەش وەكو ئەو فەرمایشتەی خوای پاك و بێگەرد و پایەدارە : ﴿لِّمَنِ ٱلۡمُلۡكُ ٱلۡيَوۡمَۖ لِلَّهِ ٱلۡوَٰحِدِ ٱلۡقَهَّارِ ١٦﴾ [غافر] .

واتە : ئایا ئەمڕۆ موڵك و خاوەندارێتی بۆ كێیە ؟ تەنها بۆ خوای تاك و تەنها و باڵادەستە .

---

[١١] أخرجه مسلم من حديث عبد الله بن عمر : كتاب صفات المنافقين ، باب (١) ، رقم : (٢٧٨٨) ، وأصله في البخاري : كتاب التوحيد باب (١٩) رقم (٧٤١٢) [٣ / ٤٨٠] .

لـەم ڕۆژەدا هــەموو خــەڵك یەكســانن : پادشــا و كۆیلــەكانیان ، فــەقیر و دەوڵەمەندیان و ڕێزدارەكانیان ، هیچ كەسێك لە كەسێكی تر جیا ناكرێتەوە تـەنها بە كردەوەی چاك نەبێت .

فەرمایشتی خوای گەورە : ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾ :

﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ﴾ واتـە : تایبـەتت دەكـەین بـە پـەرستن ، وە ﴿إِيَّاكَ﴾ی پـێش خستووە بۆ ئەوەی ئاماژەیەك بێت بۆ تایبەتمەندێتی ، وە هیچ كەسێك شایستـەی پەرستن نی‌یە جگـە لـە خـوای پـاك و بێ‌گـەرد و پایـەدار نـەبێت ، وە ئەمـەش لـە بابەتی حەصر و كورتهەڵهێنانە ، چونكە پێشخستنی كارتێكراو بەسەر كارتێكـەردا حەصر و كورتهەڵهێنان دەگەیەنێت ، واتە : هیچ كەسێك شایستەی پەرستن نی‌یـە جگە لە تۆ .

﴿وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾ واتە : داوای یارمەتیت لــێ‌دەكەین ، وە داوای یارمـەتی لـێ‌كردن جۆرێكە لە عیبادەت و پەرستن ، باشە لەبەر چی بە تەنها باسی كـردووە لە كاتێكدا كە دەچێتە ناو فەرمایشتی ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ﴾ەوە ؟

وتویانە : ئەمە لە بابـەتی (عطف الخاص على العام)ــەوەیە ، ئـەوەش لەبـەر ئەوەیـە چـونكە عیبـادەت و پەرسـتن حـەق و مافـی خـوای گەورەیـە ، وە داوای

یارمەتی لـێکردن حەق و مافـی دروستکراوەکانە ، چـونکە مـەخلوق و دروسـتکراو داوای یارمەتی دەکات لە خوا و پێویستیەکانی لـێدەخوازێت .

وە ﴿إِيَّاكَ﴾ی دووبارە کردووەتەوە و نەیفەرمووە (إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَنَسْتَعِينُ) لەبەر هۆکـاری جەختکردنـەوەی تایبەتمەنـدێتی و ئـەوەی کـە هـیچ کەسـێك شایسـتەی پەرستن و شایستەی داوای یارمەتی لـێکردن نـیە جگە لە خوای پاك و بێگەرد و پایەدار نەبێت ، تەنها ئەو یارمەتیدەرە ، وە هەموو دین و ئاینیش لەسەر پەرستن و داوای یارمەتی لـێکردن دەسورێتەوە ، لەسـەر ئـەم دوو وتـە گەورەیـە : ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾ .

فەرمایشتی خوای گەورە : ﴿ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ﴾ ئەمە دوعـا و پاڕانەوەیـە کـە پێـی دەوترێـت دوعا و پاڕانـەوەی داواکـاری (دُعَاءُ المسألة) ، وە ئـەوەی کـە پێشـتر لـە سـەرەتای ئـەم سـورەتەدا باسـکرا کـە فەرمایشـتی ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ـە بریتـیـە لـە دوعا و پاڕانـەوەی پەرسـتن (دُعَاءُ العبادة) ، چـونکە دوعا دابەش دەبێـت بە سەر دوو بەشدا :

یەکـەم : دوعـا و پاڕانـەوەی پـەرستن (دُعَاءُ العبادة) بـریـتـیـە لـە ستایشکردنی خوا ، وە ستایشـکردنی خـوایش پاڕانەوەیـە کـە دوعا و پاڕانـەوەی پەرستنە .

دووەم : دوعـا و پاڕانـەوەی داواکـاری (دُعَاءُ المسألة) : وە بەشـێك لـێی بریتـیـیە لە فەرمایشتی : ﴿ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ﴾ تاوەکو کۆتایی سورەتەکە .

﴿ ٱهۡدِنَا ﴾ هیدایـەت بـریتـیـیە لـە : ڕێپیشـانـدان و ڕێنمـایی کـردن ، واتـە : ڕێگەمان پیشان بدە و ڕێنماییمان بکە .

وە هیدایەتیش چوار بەشە ، بەڵام گرنگترینیان دوو بەشە :

بەشـی یەکــەم : هیدایـەتی ڕێپیشـانـدان و ڕێنمـایی کـردن ، کـە ئەمـەش گشتیـیە لە دوو ڕووەوە :

لە ڕووی ئەوەی کە ڕێپیشاندان و ڕێنمایی کـردن بـۆ بـاوەڕدار و بێباوەڕیش دێتە دی ، وە خوای گەورە ڕێنمایی کافر و بێباوەڕداریشی کردووە ، بـە واتایـەی ئەوەی کەوا ڕێپیشانداوە و ڕێنمایی کردووە و ڕێگای حەقی بۆی ڕوون کردۆتەوە ، خوای گەورە فەرموویـەتی : ﴿ وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيۡنَٰهُمۡ فَٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡعَمَىٰ عَلَى ٱلۡهُدَىٰ ﴿١٧﴾ ﴾ [فصلت] أي : أرشدناهم .

واتە : ڕێنمایی گەلـی سەمودمان کـرد و ڕێگـای حـەق و ڕاسـتیمان بۆیـان ڕوون کردەوە بەڵام ئەوان کوێرەوەریان پێخۆشتر بوو لە ڕێنمایی .

هەروەها ئەمەیان گشتگیرە لە رووی ئەو کەسەی کە ڕێنمایی دەکات و ڕێگای حەق پیشانی خەڵك دەدات ، کە ئەمەش پێغەمبەر (ﷺ) و ئەوانەش کە شوێنی کەوتوون دەگرێتەوە : ﴿وَإِنَّكَ لَتَهۡدِيٓ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ٥٢﴾ [الشورى].

واتە : وە بەڕاستی تۆ ـ ئەی پێغەمبەری خوا ـ ڕێنمایی خەڵك دەکەیت بۆ لای ڕێگای ڕاست .

بەشی دووەم : هیدایەتی تەوفیق و ئاسنکاری بۆ کردنە بۆ وەرگرتنی حەق و ڕاستی ، هەروەها ئەمەش تایبەتە لە دوو رووەوە : ئەمە بۆ باوەڕدار نەبێت نایەتە دی ، کە ئەمەش لە تایبەتمەندیەکانی پاك و بێگەرد و پایەدارە ، هەر بۆیە ئەم بەشەیانی رەدکردووەتەوە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) و فەرموویەتی : ﴿إِنَّكَ لَا تَهۡدِي مَنۡ أَحۡبَبۡتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهۡدِي مَن يَشَآءُۚ ٥٦﴾ [القصص] .

واتە : بەڕاستی ئەی پێغەمبەری خوا تۆ ناتوانیت هیدایەتی ئەو کەسە بدەیت کە خۆشیت دەوێت بەڵام خوا هیدایەتی کەسانێك دەدات کە خۆی ویستی لێ بێت .

فەرمایشتی ﴿ٱهۡدِنَا﴾ : هەر دوو بەشە هیدایەتەکە دەگرێتەوە :

هیدایـەتی ڕێپیشـانـدان و ڕێنمـایی کـردن (هداية الدَّلالة والإرشاد) ، هـەروەها هیدایەتی تەوفیق و ئاسنکاری بۆ کردن بۆ وەرگرتنی حەق و ڕاستی (هداية التوفيق) ، واتە : ڕێمانپیشان بدە و ڕێنماییمان بکە ، وە دامەزراو و موفەقمان بکە .

﴿ٱلصِّرَٰطَ﴾ : لە زمانەوانیدا بریتی‌یە لە : ئەو ڕێگایەی کـە خـەڵکی و ئـاژەڵ بەسەریدا دەڕۆن ، وە مەبەست بە ﴿ٱلصِّرَٰطَ﴾ لێرەدا : بـریتـی‌یـە لـە : ئیسلام و قورئان و پێغەمبەر (ﷺ) ، هەر یەك لەو سیانە ناونراوە ڕێگا چونکە دەتگەیـەنێت بە خوای پاك و بێگەرد و پایەدار .

﴿ٱلۡمُسۡتَقِيمَ﴾ : واتاکەی بریتی‌یە لە : ئەو ڕێگایەی کە لاری و خوار و خێچی و تـاریکی و شـاراوەیی تێـدا نـەبێت ، ڕێگایـەکی ڕاسـت و روونـە ئـەو کەسـەی بەسەریدا بڕوات ون و گومڕا نابێت ، بـە پێچـەوانەی ڕێچکە لار و خـوار و خـێچ و جیاوازەکان کە ئەو کەسەی بەسەریدا دەڕوات ون و گومـڕا و سەرلێشـێواو دەبێـت ، بۆیـە خـوای پـەروەردگار فەرموویـەتی : ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦۚ ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ١٥٣﴾ [الأنعام] .

واتە : بەڕاستی ئەمە ڕێگا ڕاستەکەی منە و شوێنی کەون ، وە شوێنی ڕێچکەکان مەکەون چونکە لە ڕێگاکەی خوا لاتان دەدات و پەرتەوازەتان دەکات ، ئەوە ئامۆژگاری

خوایە بۆتان بۆ ئەوەی خۆپارێزی بکەن .

بۆیە ڕێگای خوا یەکێکە و پارچەپارچە و لاری و خوار و خێچی و لێڵی و تاریکی و شاراوەیی و ناڕوونی تێدا نییە ، بەڵام ڕێگای لار و خوار و خێچ ئەوا ئەمە ڕێگای گومڕایی و سەرلێشێوانە پەنا بە خوا .

بۆیە کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) ئەم ئایەتەی خوێندەوە : ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ ...﴾ هێڵێکی ڕاستی کێشا و پاشان چەند هێڵێکی زۆری تری بە لای ڕاست و چەپی ئەو هێڵە ڕاستەدا کێشا و بە هێڵە ڕاستەکەی فەرموو : **ئەمە ڕێگای خوایە** ، وە سەبارەت بە ڕێگاکانی تر فەرمووی : ئەمانەش ڕێچکەن ، وە لەسەر هەر ڕێچکەیەکیش شەیتانێکی لەسەرە و بانگەوازی بۆ دەکات[١٢] .

---

(١٢) أخرجه من حديث ابن مسعود : أحمد برقم (٤١٤٢) ، والحاكم : كتاب التفسير ، رقم (٣٢٩٤) وقال : حديث صحيح الإسناد ولم يخرجاه ، وأخرجه ابن ماجه من حديث جابر : كتاب المقدمة ، باب (١) ، رقم (١١) ، [١ / ١٥] .

فەرمایشتی خوای گەورە : ﴿ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ ﴾ : ڕێگا هەندێك جار خوا دەیداتە پاڵ خۆی وەكو فەرمایشتی خوای گەورە : ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ ... ﴾ وە فەرمایشتی : ﴿وَإِنَّكَ لَتَهۡدِيٓ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ٥٢ صِرَٰطِ ٱللَّهِ ... ٥٣ ﴾ [الشورى] .

خوای پاك و بێگەرد و پایەدار **ڕێگا** دەداتە پاڵ خۆی چونكە خۆی دایناوە و ڕێنمایی بۆ كردووە و ڕوونی كردووەتەوە بۆ خەڵكی ، وە هەروەها لەبەر ئەوەی كە گەیەنەرە بە خوای گەورە ، بۆیە داویەتە پاڵ خۆی دانەپاڵێكی ڕێزلێنراو (إضافة تشريف وتكريم) ، وە ئەم دانەپاڵەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی كە ئەم ڕێگایە گەیەنەرە بە خوای پاك و بێگەرد و پایەدار ، وە جاری واش هەیە دەیداتە پاڵ پەیڕەوكارانی ئەو ڕێگایە وەكو ئەم ئایەتە : ﴿ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ ﴾ ، داویەتە پاڵ ئەو كەسانەی كە نیعمەتی داوە بەسەریاندا ، چونكە ئەوانن كە بەسەریدا دەڕۆن بە پێچەوانەی گومڕایان كە لەسەر چەندین ڕێچكەی گومڕایین .

﴿ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ ﴾ : كە تۆ ئەوانت ڕێنمایی كردووە بۆ گرتنەبەری ئەو ڕێگایە و سەركەوتویانت كردووە بۆی ، وە ئەمەش گەورەترین نیعمەتە لە خوای پاك و بێگەرد و پایەدارەوە ، بەڵام ئایا ئەو كەسانە كێن كە خوا نیعمەتی خۆیی داوە بەسەریاندا ؟

خوای گەورە ئەمەی ڕوون کردووەتەوە لەم فەرمایشتەیدا : ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَۚ وَحَسُنَ أُوْلَٰٓئِكَ رَفِيقٗا ٦٩﴾ [النساء] .

واتە : وە هەر كەسێك گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەر بكات ئەوا ئەو كەسە لەگەڵ پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدانی ڕێبازی خوا و پیاوچاكاندا دەبێت كە ئەوانیش باشترین هاوڕێن .

ئەم ڕێگایە كێ بەسەریدا دەڕوات ؟ ئەوانە بەسەریدا دەڕۆن كە خوا ناز و نیعمەتی خۆیی داوە بەسەریاندا لە :

پێغەمبەران : ئەم كۆمەڵەیەش یەكەم دەستەن كە بەسەریدا ڕۆشتون ، وە ڕاستگۆیان : چونكە ڕاستگۆیان باشترینی خەڵكن لە دوای پێغەمبەران ، وە شەهیدانی ڕێگای خوا : لە پاش پلەی ڕاستگۆیانەوە دێن ، وە پیاوچاكانیش كە تێكڕای باوەڕدارانن .

كەواتە ئەوانەی بەسەر ئەم ڕێگایەدا دەڕۆن چەند چینێكن :

چینی یەكەم بریتین لە : پێغەمبەران ، پاشان بە دوایاندا ڕاستگۆیان ، پاشان بە دوایاندا شەهیدان ، پاشان بە دوایاندا پیاوچاكانی لە هەموو ئوممەتێك ،

داواکارم لە خوا ئێمە و ئێوەش وا لێبکات کە بەسەر ئەو ڕێگا ڕاستەدا بڕۆین لەگەڵ ئەو چینە ڕێزدارانەدا ﴿وَحَسُنَ أُوْلَٰٓئِكَ رَفِيقٗا﴾ کە ئەوانیش باشترین هاوڕێن ، وە مرۆڤ لەم دونیایەدا کاتێك کە بەسەر ڕێگای ڕاستدا دەڕوات چەند بەرتەسکی و ناڕەحەتی و سەختییەك دەبینێت ، وە هەست بە نامۆیی و تەنهاییەکیش دەکات لە نێو خەڵکدا ، بگرە جاری واش هەیە تووشی لێدان و پێداهەڵکۆڵان و هەڕەشە و سووکایەتی پێکردنیش دەبێتەوە .

جا کاتێك بیربکاتەوە کە هاوڕێیانی ئەوانەن کە خوا نیعمەتی خۆیی بەسەردا داون لە پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکان لەو کاتەدا دڵی ئارام دەبێت و دان بەخۆدا دەگرێ و خۆڕاگر دەبێت بەرامبەر ئەوەی کە تووشی دەبێت لەسەر گرتنەبەری ئەو ڕێگایە ، وە ڕۆیشتن بەسەر ئەم ڕێگایەدا دەورردراوە بە ناخۆشی و دەورردراوە بە سەختی و ناڕەحەتی ، ئەو ڕێگایە گوڵڕاخراو نەکراوە ، بۆیە گرتنەبەری ئەم ڕێگایە پێویستی بە ئارامگرتنێکی زۆر درێژخایەن و بڕیار و سووربوونی چەختلەسەرکراو هەیە ، وە لەوەی کە یارمەتیت بدات لەسەر گرتنەبەری ئەم ڕێگایە و سەختی و ناڕەحەتییەکانت لەسەر سووك و ئاسان بکات بیرکردنەوەتە لەوەی کە تۆ هاوڕێیەتی ئەو کەسانە دەکەیت ، بەڵام ئەمە پێویستی بە باوەڕ هەیە، وە کەمیش هەیە کە سەرکەوتوو بکرێت بۆ ئەوە : ﴿وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٖ ۝٣٥﴾ [فصلت] .

واتـه : کـەس سـەرکەوتوو ناکرێـت بـۆ ئـەوە تـەنها ئـەو کەسـان نـەبێت کـە خـۆڕاگرن و کـەس سـەرکەوتوو ناکرێـت بـۆ ئـەوە تـەنها ئـەو کەسـانە نـەبێت کـە خاوەنی بەشێکی گەورەن لە خێر .

کەواتـە ئەوانـەی کـە خـوا نیعمـەتی داوەبەسـەریادا بـریتین لـە : هـەڵگرانی زانستی بەسـوود و کـردەوەی چاك لـە : پێغەمبـەران و ڕاسـتگۆیان و شـەهیدان و پیاوچاکان .

فەرمایەشتی خوای گەورە : ﴿غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ﴾ : ئەوانەی کە تـوڕەیی خوایان لەسەرە کێن ؟

ئەوانەن کە زانستیان پێیە بەڵام کردەوەیان نـیە ، فێری زانستی بـە سـوود بوون و شـارەزا بـوون بـەڵام کردەوەیان نـەکردووە بـە زانسـتەکەیان ، ئـا ئەوانـە تـوڕەیی خوایـان لەسـەرە چـونکە سەرپێچـی خوایـان کـردووە بـە زانسـت و بەرچاوڕۆشنیەوە ، ئەمەش هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە کـردەوە ناکـەن بـە زانسـتەکەیان ئەوانـە تـوڕەیی خوایـان لەسـەرە ، لـە پـێش هـەموو ئەوانەشـەوە جوولەکەکانن چونکە جوولەکە زانستیان لابوو ، وە خـوای گـەورە لـە قورئانـدا بـە خـاوەن کتێـب و بـە خـاوەن زانسـت نـاوی بـردوون بـەڵام لەبـەر ئـەوەی کاتێـك کردەوەیان نەکرد بە زانستەکەیان خوا تووڕەبوو لێیان ، وە ئەمەش تایبەت نـیـە

بە ئەوانەوە ، بەڵکو گشتی‌یە بۆ هەموو کەسێك کە ڕێگا و ڕێچکەی ئەوان بگرێتەبەر لە ئەوانەی کە زانست فێر دەبن و کردەوەی پێناکەن .

﴿وَلَا ٱلضَّآلِّينَ﴾ گومڕایان بریتین لە : ئەوانەی کە بە بێ زانست کردەوە دەکەن ، چونکە ئەمانە لەسەر زانست و ڕێنمایی نین ، نمونەیان وەکو نمونەی کەسێك وایە کە بەسەر ڕێگایەکدا بڕوات و ڕێگاکەش نەناسێت ، ئایا ئەو کەسەی کە بە وشکانیدا دەڕوات و ڕێگاکەش نەناسێت ئایا پێی ناوترێت گومڕا و ئەو کەسە لە ڕێگای مەترسی و تیاچوون و فەوتاندا نی‌یە ؟ بۆیە ئەو کەسەی کە بە بێ زانست کردەوە بکات لەشەرعدا گومڕایە پەنا بە خوا ، هەر چەندە کردەوە دەکات و خۆی ماندوو دەکات و خۆی لە خوا نزیك دەکاتەوە و دەگرێت و هاواردەکات و بەهەشتی دەوێت ، بەڵام لەبەر ئەوەی کە لەسەر ڕێگای ڕاست نەڕۆیشتووە ئەوا ئەوانە سوودی پێناگەیەنن .

وە (گاورەکان / النصارى) دەچنە ریزی گومڕایانەوە لەبەر ئەوەی کە کردەوەیان کردووە بە بێ زانست ، وە خورافیەکان و بیدعەکارانیش دەچنە ریزیانەوە لەبەر ئەوەی

کە بە بێ زانست کردەوە دەکەن .

بۆیە نوێژخۆین و خوێنەری (سورەتی فاتیحە) داوا لە خوا دەکات دووری بخاتەوە لە ڕێگای ئەم دوو جۆرە لە مرۆڤ : ئەوانەی کە زانستیان پێیە و کردەوەی پێ ناکەن ، وە ئەوانەش کە کردەوەیان پێیە بەڵام بە بێ زانست .

لە ئێستادا هەندێ کۆمەڵ و جەماعات هەن زانست و فێربوونی بە کەم بایەخ پیشانی خەڵکی دەدەن ، پێیان دەڵێن : خۆتان سەرقاڵ بکەن بە پەرستن و زیکرکردنەوە و لە پێناوی خوادا دەربچن مەبەستیشیان بە لە پێناوی خوادا بریتی‌یە لە : دەرچوون و گەشت و گەران بە شارەکاندا ، وە خەڵکی لە فێربوونی زانست ساردەکەنەوە و فێربوونی زانست بە کەم بایەخ پیشان دەدەن و لە ڕێز و پایەی زانست و زانایان کەم دەکەنەوە ، وە ئەم ڕێگایشە گومڕاییە پەنابەخوا ، بۆیە دەبێت لەسەرەتادا لە زانستەوە دەست پێ بکرێت چونکە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لِذَنۢبِكَ ١٩ ﴾ [محمد] .

واتە : بزانە کەوا هیچ پەرستراوێك نی‌یە شایستەی پەرستن بێت جگە لە خوا و داوای لێخۆشبوون بکە بۆ تاوانەکانت .

بە زانست دەستی پێ کرد پێش وتە و کردەوە .

وە ئەو ئایەتانەی پێشوو بەڵگەبوون لەسەر ئەوەی کە خەڵکی سەبارەت بە زانست و کردەوە کردن سێ چینن :

ــ جــا ئەوانــەی کــە زانســتی بەســوود و کــردەوەی چــاکیان پێکــەوە کۆکردووەتــەوە ئەوانــەن کــە خــوا نیعمــەتی داوەبەســەریاندا ، ئەوانــەی کــەوا لــەم سورەتەدا داوا لە خوا دەکەیت کە ڕێنماییت بکات بۆ سەر ڕێگاکەیان .

ـ وە ئەوانەش کە زانستیان وەرگرتــووە و وازیــان لــە کــردەوە کــردن هێنــاوە ئەوانن کە توڕەیی خوایان لەسەرە و خوا لێیان تووڕەیە ، جا لە هەر میللەتێك یان لە هەر ئایینێك بن .

ـ وە ئەوانەش کە کردەوەیان وەرگرتووە و وازیان لە زانستیان هێناوە ئەوانە گومڕایانن ، ئەم دوو گروپە زەرەرمەندن ، داوای سەلامەتی لە خوا دەکەین .

جا ئەگەر تێڕامێنێیت لە ئەم سورەتە ئەوا لە نهێنی گەورەییەکەی تێدەگــەی ، وە خوا لە هەموو ڕکاتێك لە ڕکاتەکانی نوێژدا دایــنــاوە بخوێنرێــت تــەنها لەبــەر پلە و پایە و گەورەییەکەی نەبێت لە نێوان تێکڕای سورەتەکاندا .

وە بەشێك لەو پلە و پایە و گەورەییە ئەوەیە کــە ئــەم ســورەتە ئــەم دوعــا و پاڕانەوە گەورەیەی لە خۆ گرتووە : دوعا و پاڕانــەوەی پەرســتن (دُعَاءُ العبادة) لــە سەرەتاکەیدا و دوعا و پاڕانەوەی داواکاریش (دُعَاءُ المسألة) لە کۆتاییەکەیدا ، ئەم سورەتە هەمووی دوعا و پاڕانەوەیە ، جا لەبــەر ئــەمــە ســوننەتە لــە نوێــژدا ئەگــەر نوێژخوێن کۆتایی بە خوێندنەوەی ئەم سورەتە هێنــا بلێــت : (آمِیْن) بــۆ پێشــنوێژ (الإمام) و ئەو کەسەش کە لە پشت پێشنوێژەوەیە (المأموم) و ئەو کەسەش کە بە

تەنها نوێژ دەکات (المنفرد) وتەی (آمِیْن) بۆ هەموویان سوننەتە ، وە(آمِیْن)یش واتاکەی بریتی‌یە لە : (اللهُمَّ اسْتَجِبْ) واتە : خوایە وەڵامم بدەرەوە واتە : خوایە ئەم دوعایەم گیرا بکە و وەڵامی بدەرەوە ، کەواتە (آمِیْن) داوای وەڵامدانەوەی دوعا و پاڕانەوەی ئەم سورەتەیە ، وە (آمِیْن) واجب نی‌یە لە نوێژدا ، وە سوننەتە لە نوێژە ئاشکراکاندا (الصلاة الجهرية) بە دەنگی بەرز (آمِیْن) بڵێت ئەمە ئەگەر پێشنوێژ بێت (الإمام) یان لە پشت پێشنوێژەوە بێت (المأموم) یان بە تەنها نوێژ بکات (المنفرد) ، بەڵام ئەگەر بە هێمنی و کپی خوێندی ئەوا بە هێمنی و کپی دەیڵێت .

٧ ـ ئەوەی کە لە بارەی فەزڵیەوە هاتووە :

وە بەشێك لە گەورەیی ئەم سورەتە ئەوەیە کە لەم فەرموودە قودسیەدا هاتووە ـ لە (صحیحی موسلم)دا ـ کە خوای گەورە دەفەرموویێت : ((قَسَمْتُ الصَّلَاةَ بَيْنِي وَبَيْنَ عَبْدِي نِصْفَيْنِ ، وَلِعَبْدِي مَا سَأَلَ)) واتە : من نوێژم لە نێوان خۆم و عەبدەکەمدا کردووە بە دوو بەشەوە ، وە عەبدەکەم داوای هەر شتێك بکات پێی دەبەخشم ، وە مەبەست بە نوێژ لێرەدا سورەتی فاتیحەیە ، ناونراوە بە نوێژ چونکە لە ناو نوێژدا دەخوێنرێت ، وە لەبەر ئەوەی (الصلاة) لەزمانەوانیدا : واتە : دوعا و پاڕانەوە ، وە سورەتی فاتیحەش دوعا و پاڕانەوەیە .

فەرمایشتی : (لە نێوان خۆم و عەبدەکەمدا کردووە بە

دوو بەشەوە) : ئەم سورەتە حەوت ئایەتە : سێ ئایەت و نیوی بۆ خوای گەورەیە

، وە سێ ئایەت و نیویشی بۆ عەبد و بەندەیە : ((فَإِذَا قَالَ الْعَبْدُ : ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ

رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ ، قَالَ اللَّهُ تَعَالَى : حَمِدَنِي عَبْدِي ، وَإِذَا قَالَ : ﴿ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴾ ، قَالَ اللَّهُ تَعَالَى : أَثْنَى عَلَيَّ عَبْدِي ، وَإِذَا قَالَ : ﴿مَٰلِكِ يَوْمِ ٱلدِّينِ﴾ ، قَالَ اللَّهُ

تَعَالَى : مَجَّدَنِي عَبْدِي ، وَإِذَا قَالَ : ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾ ، قَالَ : هَذَا بَيْنِي

وَبَيْنَ عَبْدِي وَلِعَبْدِي مَا سَأَلَ)) .

واتە : جا ئەگەر بەندە وتی : ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ خوای گەورە

دەفەرموێت : بەندەکەم سوپاسی کردم ، وە ئەگەر وتی : ﴿ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ ،

خوای گەورە دەفەرموێت : بەندەکەم ستایشی کردم ، وە ئەگەر وتی : ﴿مَٰلِكِ

يَوْمِ ٱلدِّينِ﴾ ، خوای گەورە دەفەرموێت : بەندەکەم بە گەورە ڕای گرتم ، وە

ئەگەر وتی : ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾ ، خوای گەورە دەفەرموێت : ئەمە

لە نێوان من و بەندەکەمدایە وە بۆ بەندەکەم هەیە ئەوەی کە داوای دەکات .

﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ﴾ ئەمە بۆ خوایە ، ﴿وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾ ئەمە بۆ بەندەیە ، لە فەرمایشتی ﴿وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾ەوە تاوەکو کۆتایی سورەتەکە بۆ بەندەیە چونکە بەندە پێی دەپارێتەوە لە پەروەردگاری ، وە لە ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ەوە تاوەکو ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ﴾ ئەمە بۆ خوای پاك و بێگەرد و پایەدارە چونکە هەمووی ستایشە لەسەر خوای گەورە ، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر گەورەیی ئەم سورەتە بۆیە فەرموویەتی : ((فَإِذَا قَالَ : ﴿ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ٦ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ٧﴾ ، قَالَ : هَذَا لِعَبْدِي وَلِعَبْدِي مَا سَأَلَ))[١٣].

واتە : وە ئەگەر وتی : ﴿ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ٦ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ٧﴾ دەفەرموێت : ئەمە بۆ بەندەکەمە وە بۆ بەندەکەمیش هەیە ئەوەی کە داوای دەکات .

---

(١٣) أخرجه مسلم من حديث أبي هريرة : كتاب الصلاة ، باب (١٠) ، رقم : (٣٩٥) ، [٢ / ٣٢٤] .

٨ ـ ئەو سوودانەی کە لێی دەردەهێنرێن :

وە بەشێك لەوەی کە پەیوەستە بەم سورەتەوە و بەڵگەیە لەسەر گەورەیەتی‌یەکەی ئەوەیە کە زانایان رەحمەتی خوایان لێبێت فەرموویانە : بەڕاستی ئەم سورەتە چەندین واتای گەورەی تێدایە ، لەوانەش :

یەکەم : سەلماندنی هەر سێ جۆرەکەی یەکخواپەرستی :

فەرمایشتی ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ ئەمە بەڵگەیە بۆ یەکتاکردنەوەی خوا لە پەروەردگاریێتیدا (توحيد الربوبية) ، وە فەرمایشتی ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ٣ مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ٤﴾ ئەمەش بەڵگەیە لەسەر یەکتاکردنەوەی خوا لە ناو و سیفەتەکانیدا (توحيد الأسماء والصفات) ، وە فەرمایشتی ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾ ئەمەش بەڵگەیە لەسەر یەکتاکردنەوەی خوا لە پەرەستندا توحيد الألوهية) ، کەواتە هەر سێ جۆرەکەی یەکخواپەرستی تێدایە .

دووەم : ناردنی پەیامی خوا و پێغەمبەرایەتی دەسەلمێنێت :

چونکە فەرمایشتی ﴿رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ سەلماندنی پەروەردگاریێتی خوای تێدایە بۆ هەموو دورستکراوەکانی ، وە لە داخوازییەکانی پەروەردگاریێتی خواش ئەوەیە کە وازنەهێنێت لە بەندەکانی بە بێ بەرنامەیەك کە ژیانیان چاك بکات ،

وە لە گەورەترین ئەو شتانەی کە بەندەکان چاك دەکات ناردنی پێغەمبەرانە ، هەروەها فەرمایشتی ﴿ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ﴾ چونکە ڕێگای ڕاست روون نابێتەوە تەنها بە ناردنی پێغەمبەران نەبێت (عليهم الصلاة والسلام) ، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر سەلماندنی پەیامە خوایەکان .

سێیەم : وەڵام و بەرپەرچدانەوەی تێدایە بۆ گرووپە گومڕابووەکان :

- بەرپەرچدانەوەی بێباوەڕەکان و پەکخەرەکان (الملاحدة والمعطلة) تێدایە ئەوانەی باوەڕەیان بە هیچ پەروەردگارێك نییە ، جا فەرمایشتی ﴿ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾ وەڵامە بۆ بێباوەڕەکان ئەوانەی کە پێیان وایە جیهان پەروەردگارێکی نییە ، بەڵکو پێیان وایە جیهان خۆی خۆیی بە دیهێناوە ! ! وە سروشت ئەم شتانە بەدی دێنێت و دروستیان دەکات ! ! وە ئەمەش پێچەوانەی عەقڵ و ژیرییەکانە ، چونکە هەرگیز ناکرێت و نابێت دورستکراوێك هەبێت بە بێ دوورستکار ، وە کردەوەیەك هەبێت بە بێ بکەر .

ئەم هەمووگەردوونە و ئەم دورستکراوانەش بەڵگەن لەسەر خوای دورستکاری پاك و بێگەرد و پایەدار ، وە هەر ئەویشە بەدیهێناوە و کاروبارەکانی بەڕێوە دەبات .

- وە وەڵام و بەرپەرچدانەوەشی تێدایە بۆ هاوبەش بۆ خوا بڕیاردەرەکان (المشرکون) ئەوانەی کە باوەڕیان بە پەروەردگار هەیە بەڵام هاوبەشی بۆ بڕیاردەدەن لە پەرستنیدا ، ئەمەش لە فەرمایشتی ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ و فەرمایشتی ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾دا هەیە ، ئەمە هەمووی وەڵام و بەرپەرچدانەوەی تێدایە بۆ هاوبەش بڕیاردەرەکان ئەوانەی کە خوا دەپەرستن و لەگەڵیدا جگە خواش دەپەرستن .

- وە هەروەها وەڵام و بەرپەرچدانەوەشی تێدایە بۆ جەهمیە و موعتەزیلە و ئەوانەی ئینکاری سیفەتەکانی خوا دەکەن ، وە وەڵام و بەرپەرچدانەوەشی تێدایە بۆ ئەوانەش کە ئینکاری زیندووبوونەوە دەکەن ئەمەش لە فەرمایشتی ﴿مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾دا هەیە ، وە ﴿ٱلدِّينِ﴾ لێرەدا واتای پاداشت و لێپرسینەوە دەدات ، کە زیندووبوونەوە دەسەلمێنێت .

- وە وەڵام و بەرپەرچدانەوەشی تێدایە بۆ جوولەکە و گاورەکان و ئەوانەش کە لەسەر ڕێگای ئەوان دەڕۆن ئەوانەی کە زانستیان وەرگرتووە و وازیانهێناوە لە کردەوە کردن ، یان کردەوەیان وەرگرتووە و وازیانهێناوە لە زانست ، جا وەڵامی تێدایە بۆ هەموو زانایەك کە کردەوە بە زانستەکەی نەکات ، وە وەڵامی تێدایە بۆ هەموو کردەوکارێك کە بە بێ زانست کردەوە بکات ، لەبەر ئەمە زانایان

فەرموویانە : ئەم سورەتە وەلاّم و بەرپەرچدانەوەی هەموو دەستە و گرووپەکانی لە خۆگرتووە ، جا بۆیە شایستەی ئەوەیە بە بنەمای قورئان (أُمُّ الكتاب) ناو بنرێت ، چونکە بنەمای هەر شتێك ئەوەیە کە ئەو شتە دەگرێتەوە بۆ لای ، وە قورئان هەمووی دەگرێتەوە بۆ سەر ئەم سورەتە ، چونکە هەموو قورئان لە دەوروبەری ئەم واتایانەدا دەسورێتەوە کە ئەم سورەتەی لە خۆیی گرتووە .

وە ئەم سورەتە گەورەیە زۆرێك لە خەڵکی دەیخوێننەوە و بە زوومانیان دووبارەی دەکەنەوە بەلاّم بیرناکەنەوە لە ماناکەی و هیچ لە ماناکەی تێناگەن ، بەڵکو تەنها چەند وتەیەکە بەسەر زمانیدا دێت هەروەکو ئەوەی وتەیەکی بیانی بێت ! ! وە ئەمەیش هەڵە و ناتەواوییەکی گەورەیە ، وە قورئان بۆ ئەوە دابەزێنراوە کە بیری لێبکرێتەوە و لە ماناکانی تێبگەیت ، ئەمە و خواش زاناترە .

وَصَلَّى اللهُ عَلَى نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ وَسَلَّم

ناوەڕۆك

پێشەکی وەرگێڕ ٣

*** سورەتی فاتیحە :**

١ ـ پلەوپایە و پێگەی سورەتی فاتیحە ٤

٢ ـ حوکمی خوێندنەوەی لە نوێژدا ٤

٣ ـ ناوەکانی سورەتی فاتیحە ١٠

٤ ـ ژمارەی ئایەتەکانی ١٤

٥ ـ لێکدانەوەی پەناگرتن و (بسم الله)کردن ١٨

٦ ـ تەفسیری ئایەتەکانی فاتیحە ٢٥

٧ ـ ئەوەی کە لە بارەی فەزڵیەوە هاتووە ٤٧

٨ ـ ئەو سوودانەی کە لێی دەردەهێنرێن ٥٠

الْحَمْدُ للهِ الذِّي وَفَّقَنِي لِتَرْجَمَةِ

هَذِهِ الرِّسَالَةِ الصَّغِيْرَةِ الْحَجْمِ الْعَظِيْمَةِ النَّفْعِ وَالْفَائِدَة

(لَقَدْ بَدَأْتُ بِتَرْجَمَتِهَا مِنْ بَلْدَتِي كَلار ، وانْتَهَيْتُ مِنْهَا فِي مَكَّةَ الْمُكَرَّمَة

أَثْنَاءَ مَوْسِمِ عُمْرَةِ رَبِيْعِ عَامِ ١٤٣٤ مِنَ الْهِجْرَةِ النَّبَوِيْة)

مَكَّةَ الْمُكَرَّمَة / شَارِعِ أَجْيَاد / فُنْدُقِ أَوْتَادِ مَكَّة / بِالْقُرْبِ مِنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَام

بَعْدَ مُنْتَصَفِ لَيْلَةِ الْخَمِيْس / ٩ / جَمَادِي الأُوْلَى / ١٤٣٤ هـ

اللَّهُمَّ ارْزُقْنِي الاتْيَانَ إِلَى الْحَجِّ وَالْعُمَرَةَ مَرَّاتٍ عَدِيْدَة

وَارْزُقْنِي الإِقَامَةَ فِي مَكَّةَ الْمُكَرَّمَة وَالْمَدِيْنَةِ النَّبَوِيْة

ـ قُولُوا : آمِيْن ـ

وَقَبْلَهَا وَفَّقَنِي اللهُ لِتَرْجَمَةِ رِسَالَةِ

(الدُّرُوسُ الْمُهِمَّةُ لِعَامَّةِ الأُمَّة)

لِسَمَاحَةِ الشَّيْخ عَبْدِالعَزِيْزِ بْنِ بَاز رَحِمَهُ اللَّهُ

أَثْنَاءَ مَوْسِمِ حَجِّ عَامِ ١٤٣٣ مِنَ الْهِجْرَةِ النَّبَوِيْة

أبو فردوس الكردي العراقي